توێژینەوە



# بودلێر و شەقامەکانی پاریس

## دەربارەی فلانور، میترۆپۆلیس و بودلێری بنیامین

پێشڕەو محەمەد

jineftin.krd

توێژینەوە

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

## پوخته

هەر کاتێك ناوی واڵتەر بنیامین (1892-1940) دەهێنرێت، ڕاستەوخۆ مێشکمان بەلای ئەم پرسانەدا دەچن: ڕەخنەگری کولتووریی، ڕەخنەگری ئەدەبیی، تیۆریزەکاری میترۆپۆلیس (شارەگەورەکان)، پێگەی بەرهەمی هونەریی و دواجار فەلسەفەی مێژوو (ئەگەرچی بنیامین هەرگیز ئەم چەمکەی بەکار نەهێناوە). بەناوبانگترین بەشدارییەکانی بنیامینیش لە بواری سیاسییدا دەگەڕێتەوە بۆ تێزەکانی دەربارەی چەمکی مێژوو، تیۆرەکانی فاشیزم و هەروەها دیارترین داهێنانەکانیشی لە بواری هونەردا لە تێگەیشتن و شیکاریی ئەو بۆ بەرهەمی هونەریی لە سەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوە تەکنیکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام بە گەڕانەوە بۆ نووسراوەکانی دەربارەی بودلێر، وەك خۆی ناویدەنێت: شاعیری لیریکیی سەردەمی باڵای سەرمایەداریی، تێدەگەین کە بنچینەییترین تێزەکانی دەربارەی سیاسەت و مێژوو و هونەر و تەنانەت تیۆر و ئایدیای شارنشینیی و میترۆپۆلیس، ڕیشەیان لەنێو لێکۆڵینەوەکانی ئەو دەربارەی ***بودلێر*** دایە. ئەم نووسراوەیە، هەڵوەستە لەسەر بودلێری بنیامین، چەمکەکانی فلانور، شەقامەکانی پاریس، قەرەباڵغیی، مۆدێرنیتە و سەرمایەداریی، دواجار چەمکی مێژوو دەکات. ئەگەرچی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکراوە بۆ لێکدانەوەی بنیامین بۆ بودلێر، بەڵام خوێنەر بەتەنها شاعیرەکە ناناسێت، بەڵکو هەروەها ئاشنایەتیی لەگەڵ ئایدیا و چەمکەکانی بنیامینیش پەیدا دەکات.

**وشە کلیلییەکان**: بنیامین، بودلێر، فلانور، ئەلیگۆری، مالیخولیا، مۆدێرنیتە، بازاڕ، سەرمایەداریی

# دەروازە

نزیکیی بنیامین بە بودلێرەوە، ناگەڕێتەوە بۆ دەیەی 1930، بە تایبەت، سەردەمی نووسینی سەرەکیترین نووسراوەکانی دەربارەی شاعیرەکە بە ناوەکانی: "1. ئیمپراتۆریای دووەم لای بودلێر، 2. سەنتڕاڵ پارك؛ و 3. دەربارەی چەند تێما و ناوەڕۆکێکی شیعری بودلێر"، کە پاشان بەناوونیشانی "شارڵ بودلێر: شاعیری لیریکیی سەردەمی باڵای سەرمایەداریی"[1] چاپ دەبێت. هەروەها هەردوو "ئێکسپۆزێ"ی ساڵی 1935 بەناوی "پاریس، پایەختی سەدەی نۆزدە" و "ئێکسپۆزێ"ی ساڵی 1939 بە ناوی "پاریس، پایەختی سەدەی نۆزدە" کە پاشان دەبنە بەشی یەکەمی کتێبی **"پرۆژەی پاساژەکان"**، و هەروەها بەشێکی بەرفراوانی هەمان کتێب، کۆنڤۆلتی J، بۆ بودلێر و بە ناوی ئەوەوە تەرخانکراوە[2]. بنیامین خۆی لە سەرەتای سەدەی بیست و بە دیاریکراوی لە سەرەتای دەیەی 1920دا دەستەدەکات بە وەرگێڕانی شیعرە پەخشانییەکانی بودلێر، بە ناوی **"تابلۆ پاریسییەکان"** و پێشەکییە بەناوبانگەکەشی بۆ شیعرە وەرگێڕدراوەکانی شاعیر، بە ناوی **"ئەرکی وەرگێر"** دەنووسێت، کە تا ئەمڕۆ مشتومڕسازترین دەقێکە نووسرابێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، ڕاستە ئەم دەقە وەك پێشەکیی بۆ تابلۆ پاریسییەکانی بودلێر نووسراوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك دەستوپەنجە لەگەڵ شیعری شاعیردا نەرم ناکات، بەڵکو دەکرێت جورئەت بکەین و بڵێین لە بنچینەدا ئەم دەقە پەیوەندیی بە بودلێرەوە نییە؛ لە بەرانبەردا، ئەم نووسراوە پوخت، کورت، ئاڵۆز و ناڕوونە، پاشان دەبێتە دامەزرێنەری تیۆری وەرگێڕان وەك تیۆر و پراکسیسی مۆدێرنیتە[3]، ئەم دەقە لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1923 بە زمانی ئەڵمانیی چاپ و بڵاو

---

1. Walter Benjamin, Charles Baudelaire - Ein Lyriker im Zeitalter des Hochkapitalismus, Herausgegeben und mit einem Nachwort von Rolf Tiedemann, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 1974.

تێبینیی: لە چاپی ئینگلیزیی چاپەمەنی ڤێرۆس، ڕاستەوخۆ وەك ناوونیشانە ئەڵمانییەکە چاپ بووە، بەڵام لە چاپی زانکۆی هارڤارد بووە بە "شارڵ بودلێر: نووسەری ژیانی مۆدێرن"، بڕوانن:
Walter Benjamin, Charles Baudelaire: A writer of Modern Life, Essays on Charles Baudelaire, translated by Edmund Jephcott, Rodney Livingstone and Harry Zohn, edited by Howard Eiland, The Belknap Press, 2006

[2] Walter Benjamin, The Arcades Project, translated by Howard Eiland and Kevin McLaughlin, Harvard University Press, 2002.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر تیۆر و پراکسیسی وەرگێڕان و چەمکی وەرگێڕان لای بنیامین، خوێنەر دەتوانێت بۆ دوو کتێبی من بگەڕێتەوە:

دەبێتەوە. بەڵام لە ساڵی 1934دا، لە نامەیەکیدا بۆ ***ئەلفرێد کوهن***، باس لە پڕۆژەیەکی گەورە دەکات دەربارەی پاریس و پاساژەکانی، کە لە ڕێگای بودلێرەوە دەست بۆ ئەم کارە دەبات[4].

بنیامین هاوکات دەستیکردبوو بە دەستنیشانکردنی پڕۆژەکەی دەربارەی بودلێر لە سێ برگەدا، "بودلێر وەك ئەلیگۆریست"، "پاریس وەك ئیمپراتۆری دووەم لای بودلێر" و دواجار و گرنگتر لە هەموویان، "کاڵا وەك بکەرێکی شیعریی". ئەگەرچی ناوونیشانی یەکەم و سێیەم، هەرگیز وەك لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ تەواو نەکران، جگە لە بەجێمانی کێوێك لە تێبینی کە کۆمەکمان پێدەکەن، دوای خۆی، ئەم پڕۆژەیە تەواو بکەین، بەڵام ناوونیشانی دووەم، وەك پڕۆژەیەکی سەربەخۆ و پاشان بەشێك لە کتێبی "پڕۆژەی پاساژەکان" و بەشێکی کتێبەکەی دیکەی، "شارڵ بودلێر: شاعیری لیریکیی سەردەمی باڵای سەرمایەداریی" لە فۆرمی لێکۆڵینەوەی تەواوکراودا، بەدەستمان گەیشتوون. سەرەڕای ئەوە، بۆ تێگەیشتنی زیاتر دەربارەی ئەلیگۆریزم (تەمسیلنووسیی)، کتێبی ***"سەرچاوەی درامای ماتەمی ئەڵمانیی"*** ( *Ursprung des deutschen Trauerspiels*)[5] یارمەتیمان دەدات وردتر لەم پرسە تێبگەین؛ ئەگەرچی بنیامین لەم کتێبەدا هەڵوەستە لەسەر بودلێر ناکات.

ئەڵبەتە شیکارییەکانی بنیامین بۆ بودلێر، جیاوازە لە سەرجەمی ئەو شیکارییانەی پێش خۆی و دوای خۆی ئەنجامدراون و زۆرجار ئاماژە بە چەمکی "بودلێری بنیامین" دەکرێت، نەك شیکاریی و تەفسیری بنیامین بۆ بودلێر؛ بە مانایەکی دیکە، ئەو بودلێرەی لە ڕێگای بنیامینەوە دەیناسین، مەرج نییە هەمان ئەو بودلێرە بێت کە لە سەدەی نۆزدەدا هەبووە. سەرەڕای ئەمە، زیادەڕۆیی لەم بۆچووونەدا هەیە، چونکە بنیامین لە ڕاستیدا نەیویستووە بودلێرێکی دیکە دروست بکات، بەڵکو بە سادەیی ویستوویەتی لە ڕێگای بودلێرەوە و دانانی وەك ئەلیگۆریست، لە خەسڵەتی سەرمایەداریی سەدەی نۆزدە تێبگات، لە خەسڵەتی پارادۆکس و ناکۆکیی چینی ناوەڕاست و بۆرژوازیی

---

یەك: پێشڕەو محەمەد: وەرگێران وەك ئەکتی سیاسیی، دەربارەی پەیامی وەرگێرانی بنیامینیی و سیاسەتی هاوچەرخ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانیی، 2014.
دوو: پێشڕەو محەمەد: تۆفانێك لە بەهەشتەوە هەڵدەکات، دەروازەیەك بۆ واڵتەر بنیامین، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، 2019.

[4] Walter Benjamin, *Gesammelte Schriften*, 7 Bänder, T. W. Adorno and Gershom Scholem, ed. Rolf Tiedemann and Hermann Schweppenhäuser (Frankfurt am Main: Suhrkamp, 1972–89), s.509.

فەرەنسـیی، ئەو چینە ناوەڕاسـتە (واتا لە زاراوە مارکسـییەکەیدا وردەبۆرژوازییەی) جارێك دژی ڕژێم، جارێك لایەنگری ڕژێم، پاشـان بۆهیمیای سـەرگەردان، ماوەیەك ئاڤانت گاردیسـت و دواجار لە سـەدەی بیسـتدا، دەچێتە باوەشـی فاشـیزمەوە. بنیامین دەیەوێت کۆد و ڕەمزەکانی ئەم ناکۆکییە کەشف بکات.

بنیامین هاوکات، نەك تەنها بە بودلێر، بەڵکو گرنگییەکی زۆرتری بە هاوچەرخەکانی شـاعیرەکە، کۆمەڵگای فەرەنسیی ئەو ڕۆژگارە، بیرە شـۆڕشـگێرییەکان، کە مێشـك و زەینی شـارنشـینەکانی داگیرکردبوو، پاڵەوانە تازەکانی بەها گۆڕاوەکان دەدا، واتا: "لە کاتێکدا لە کۆمەڵگای باڵادا ببوو بە مۆدێل کە بەدگومان بیت، کەچی لەلاکەی دیکەوە، چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بەهایەکی زیاتریان بۆ یاخیبوون و ڕاپەڕین و شـۆڕش دادەنا". باریکاد، سـەنگەرەکانی شـەقامەکان، شۆڕشـەکان، کە وەك کەرنەڤاڵ دەبینران، ئەو تێما و ناوەڕۆکانەن، سەرجەمی کتێبی "پرۆژەی پاساژەکان"یان بۆ تەرخانکراوە.

هەروەها بنیامین لێکۆڵینەوەی لە سـەرهەڵدانی دیاردەی نوێی قەرەباڵغیی (Menge) دەکرد، کە لە سەدەی نۆزدە، لە شارە گەورەکاندا، دەرکەوتبوو: "جەماوەرێکی بێکۆتایی خەڵك، کە هیچ کەس بە ڕوونی هاوسـێکەی نابینێت، بەڵام لە هەمانکاتدا هیچ کەسـیش نادیار نییە، بەڵکو دەبینرێت". ئەمە ئەو شـوێنەیە چەمکی فلانور (flâneur) تیایدا دەردەکەوێت. فلانور، کەسـێکی ناو شـارە گەورەکان کە بە چێژ و خۆشـیی و هاوکات تەمەڵییەوە دەسـوڕێتەوە، لە ژیانی ڕۆژانە ڕادەمێنێت، بە فزوڵییەوە هەڵسـەنگاندن بۆ قەرەباڵغییەکان و پەنجەرەی دووکانەکان دەکات، کە دواتر باسی دەکەم. بودلێر خۆشی فلانورێك بوو، بە فزوڵییەکی گەورەوە ڕووبەڕووی ئەو جیهانە تازەیەی دەوروبەری دەبووەوە، کە لەسەر فۆرمی قەرەباڵغیی، پاساژەکان، فیستیڤاڵەکان و هتد دەرکەوتبوو. بودلێر کۆمەڵە کەرەسـتەیەك دەخاتە بەردەسـتی بنیامین، تا لە کتێبەکەیدا بە ناوی **"پرۆژەی پاسـاژەکان"** بەوردیی، لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژووییەوە، لێکۆڵینەوە و شـیکاریی بۆ ژینگەی نوێی شـارنشـینیی و ناکۆکیی و دژبەرییەکانی، ڕووداوەکان و شۆڕشەکان و هتد بکات. هاوکات کتێبەکە بە تەنها باسی بودلێر ناکات، وەك لەسەرەوە ئـاماژەم پێکرد، بەڵکو هـاوچەرخەکـانی دیکەش لەئـارادان: ***ئۆنۆرە دو بەلزاك***، ***ئەلێکسـاندەر دوما***، ***ئەدگار ئالن پۆ***، ***ڤالێری***، ***ڤیکتۆر هوگۆ*** و هتد، و لەسـەرووی هەمووشیانەوە: ***کارڵ مارکس***.

ئەگەرچی، تەفسیرکارانی دیکەی بودلێر، بە گشتیی شاعیرەکەیان بە "سیمبولیست" لەقەڵەم داوە و شیعرەکەشی بە ناوی "پەیوەندییەکان" وەك نموونەیەکی دەقی سیمبولیستیی بینراوە. ئەلیگۆریزم (تەمسیلنووسیی) لێکدانەوەی زەینی داهێنەرانەی بنیامینە و بۆ ئەم مەبەستەش، شیعری "سوان: بۆ ڤیکتۆر هوگۆ"(Le Cygne)ی بودلێر بە نموونە وەردەگرێت. بودلێر، لە ڕاستیدا، لەم شیعرەدا، دەستدەکات بە ئەلیگۆریزەکردنی پاریس، کە بنیامین دەیکاتە ناوەند و سەنتەری سەدەی نۆزدە. ئەم دیمەنە شارنشینییە لەژێر هەیمەنەی دووبارە دیزاینکردنەوەی بارۆن هاوزماندا، هەمان ئەو شتەیە کە مارکس لە تێگەیشتنیدا بۆ سەرمایەداریی، لە "***مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست***"دا ئاماژەی پێدەکات: "هەرشتێك ڕەق و بەستوو بێت، دەبێتە دووکەڵ و بەهەوادا دەچێت"[5]. بودلێر تەماشای ڕووخاندنی شارەکە و دووبارە بونیادنانەوەی دەکرد. ئەزموونی شارنشینیی، ببووە ئەزموونێکی تێپەڕ و ئینتیقالیی، شارێك دەیویست لە دەستی شۆڕش و یاخیبوون، بە کورتیی، لە دەستی چینی کرێکار و باریکاد و سەنگەری شەقامەکانی، ڕزگاری ببێت. شارێك لەژێر دەستی بۆرژوازیی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ناپۆلیۆنی سێیەمدا. بودلێر، فلانۆر و بینەری ئەم ڕووداوانە بوو. وەك بنیامین لە "ئێکسپۆزێ"ی ساڵی 1935دا بە ناوی: "پاریس، پایتەختی سەدەی نۆزدە"دا، کە پاشان دەبێتە بەشی یەکەمی کتێبی "پرۆژەی پاساژەکان" باسی دەکات:

*"چالاکییەکانی هاوزمان بەستراوبوونەوە بە ئیمپریالیزمی ناپۆلیۆنییەوە. لوویی ناپۆلیۆن گەشەی بە سەرمایەی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی دەدا، و پاریسیش ئەزموونی جوڵەیەکی خێرا و توندی قۆرخکاریی دەکات، بازرگانییکردن بە ئاڵوگۆڕی پشکەکانەوە شوێنی فۆرمەکانی قومارکردن دەگرێتەوە کە لەبەرەبەیانی کۆمەڵگای فیودالیدا هەبوون. فەنتاسماگۆریای شوێن، کە فلانور خۆی پێوە سەرقاڵ دەکات و تیایدا دێت و دەچێت، شوێنی خۆی لەنێو فەنتاسماگۆریای زەمەندا دەبینێتەوە، کە قومارباز ئالودە و مودمینی ببوو"[6].*

[5] کارڵ مارکس و فریدریش ئەنگلس: مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست، وەرگێرانی: پێشڕەو محەمەد، ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام، سلێمانیی، 2016، ل24.

[6] Walter Benjamin, The Arcades Projects, ob.cit, p.12.

لەنێو ئەم هەلومەرجە تازەیەدا، بودلێر تێبینیی ئەوە دەکات کە شـــاری مۆدێرن بە جۆرێك دیزاینکراوە تا ئاسانکاریی بۆ دەرککردن و ئەو تێگەیشتنە زووتێپەڕ و خێرایانە بکات کە هەرگیز لە توانای شـــۆك و هەژانەکانیاندا دووبارە نابنەوە. لەنێو ئەم ســـاتە خێرایانەدا، واتا زەمەنی بەرهەمهێنانی ســـەرمایەداریی، لەنێو میترۆپۆلیس و شـــارە گەورەکاندا، بکەرێکی دیکە ســـەرهەڵدەدات، کە بودلێر بە وردیی تێبینیی دەکات: ژن. ئەم بکەرە چیتر وەك بکەرێکی مـاڵەوە نـامێنێتەوە، بەڵکو ڕۆڵی مۆدێل و فـاشـــیۆن دەگێڕێت. جوانییەکەی، کە لە ڕێگای مۆدێلەوە لەســـەر چێژ و ســـەلیقەی بۆرژوازیی دادەمەزرێنرێت، ڕاسـتەوخۆ پەیوەندیی بە سیسـتەمی بەرهەمهێنانی قازانجەوە دەکات. لێرەوەیە لەنێو ئەم شارانەدا جۆرێکی دیکەی ئەزموون سەرهەڵدەدات، کە بنیامین ناوی دەنێت: ئەزموونی گۆشـەگیر و دابەشـکراو (Erlebnis). ئەم ئەزموونە ڕاسـتەوخۆ لە ئەزموونی ڕاســـتەقینەی مرۆڤەوە (Erfahrung) ســـەریهەڵداوە. ئەزموونی یەکەم، دابەشکراو، گۆشەگیرکراوە؛ ڕاستە لەنێو شارە گەورەکاندا دەرفەتی گەڕان و هاتوچۆی هەیە، بەڵام نـاچـالاکە. لە کـاتێکدا ئەزموونی دووەم، ئەزموونێکی پڕ لە جوڵە بووە، تەنانەت خودی وشـــە ئەڵمانییەکەش، کە بنیامین بەکاریهێناوە، لە چەمکی گەشـــت و سـەفەر و جوڵەوە سـەرچاوەی گرتووە: (Fahren) واتا گەشـتکردن و (Erfahrung) واتا ئەو کەســـەی گەشـــت دەکات، و ئەزموون کۆدەکاتەوە و پاشـــان لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا هاوبەشـــی دەکات. نموونەیەکی ســـادە بۆ ئەم دوو جۆرە ئەزموونە: مەرگ. لە ئەزموونی ڕاســـتەقینەدا، مرۆڤ، پێشـــتر لەســـاتی ســـەرەمەرگدا، هەرگیز بە تەنها نەدەبوو، بەڵام لە ئەزموونی گۆشـــەگیرکراودا، مرۆڤ لە قاوشـــێکی نەخۆشـــخانەدا بە تەنها دەمرێت. ئەگەر نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە، کە دەکرێت ڕاســـتەوخۆ پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەبێت: خوێنەری ڕۆمان و خوێنەری شـیعر. خوێنەری ڕۆمان تەنهایە و لە گۆشـــەیەکی مـاڵەکەیدا، لەبەر چرا و بە تەنهـایی ئەزموونێکی گۆشـــەگیرکراو کۆدەکاتەوە، کە خۆی تیایدا بەشدار نییە و پاڵەوانی ڕۆمان بەسەریدا دەسەپێنێت، بەڵام خوێنەر/بیسـەری شیعر، لە ڕابردوودا و تا ئێستاش، دەکرێت وەك ئەزموونێکی کۆیی و دەســـتەجەمعیی ببینرێت. ئایا نەتـانبینیوە و نەتـانبیســـتووە شـــاعیران لە مەیدانە گشـتییەکاندا شـیعریان دەخوێندەوە و زۆرجار شـیعرەکانیان دەبووە هەڵگیرسـێنەری مەشـــخەڵی ڕاپەڕین؟ بنیامین لە تیۆری "حیکایەتخوانیی"دا بە وردیی باســـی ئەم دوو جۆرە ئەزموونە دەکـات، کە لێرەدا دەرفەتمـان نییە بـاســـی بکەین و لە کـاتی دیکە و شوێنی دیکەدا دەگەڕێینەوە سەری.

## یەك: بودلێر وەك ئەلیگۆریست

شیعری "سوان"، یاخود باڵندەی دەریا، کە بودلێر پێشکەشی ڤیکتۆر هوگۆی کردووە، دیارترین نموونەیە بۆ دانانی شاعیر وەك ئەلیگۆریست لەلایەن بنیامینەوە:

*پاریس دەگۆڕێت، بەڵام هیچی لە ڕەشبینییم نەگۆڕی*

*کۆشکە نوێیەکان، دار و ئاسنەبەستراوەکان،*

*هەرچی کەڵەکەبووە، گەڕەکە کۆنەکان*

*هەمووی بۆمن بوون بە ئەلیگۆریی*

*ئازیزترین یادەوەرییەکانیشم لە بەرد قورسترن*

بودلێر لەم شیعرەدا دەڵێت: "هەموو شتێك بۆ من دەبێتە ئەلیگۆریی" ( tout pour moi devient allégorie)، یاخود "هەموو شتێك لە مندا دەبێت بە ئەلیگۆریی". هەروەها بەکارهێنانی ئەلیگۆرییش لای بودلێر، "بەشداریکردنییەتی لە مۆدێرنیتەدا". بەکورتیی لە نووسراوەکانی دانتێ ئەلیگیرێ (نموونەی دەقی ئەلیگۆریی)دا ئێمە مانایەکی حەرفییمان هەیە؛ پاشان مانای ئەخلاقیی، کە تاکەکان لە ژیانی فەردیی خۆیاندا هەڵیدەبژێرن و دەکرێت لە ڕەنگدانەوەی باڵادەستیی کۆمەڵگادا ببینرێتەوە؛ ئینجا مانای ئەلیگۆرییمان هەیە، کە دەکرێت لەلایەن بکەرە تاکەکانەوە لەنێو گێڕانەوەدا ببینرێتەوە؛ دواجار مانای هاوشێوەیی (ئەنالۆژیی)، کە تیایدا چارەنووسی دواجارەکیی ڕۆح یان دەروون، بانگ دەکرێتەوە. بەڵام ئەو مانایەی بنیامین بۆ ئەلیگۆریی بەکاری دەهێنێت و بودلێری پێ شەرح دەکات، مانایەکی فراوانی هەیە؛ ئەم چەمکە شێوازێکە بۆ بینینی هەر ئۆبژێکت (بابەت)، وێنە یاخود دەقێك وەك شتێکی فرەبنەما، فرەڕووخسار و دواجار فرەمانا. جیهانی ماناکان تاکڕەهەند نین، وەك سیستەمی پۆزەتیڤیستیی بانگەشەی بۆ دەکرد. بنیامین یادەوەریی (چەمکێکی ڕادیکاڵ لە فیکری

ئەودا) وەك ئەلیگۆرییەکی سیاسیی دەخوێنێتەوە. نووسراوە ئەلیگۆرییەکانی بودلێر، بە ڕۆشنییەکی تەواو و بێکۆتاییەوە ناسەقامگیریی بەرەی مۆدێلپەرستیی سەرمایەدارییان پیشـــان دەدا. لەبەر ئەوەیە، بنیامین ناو لە بودلێر دەنێت شـــاعیرێکی نامۆبوون و بەشـــتبوون، لێکدەرەوەیەکی کۆمەڵگای بەرهەمهێنانی کاڵایی، واتا کۆمەڵگایەك تیایدا شتی نوێ وەك گەڕانەوەی ئەبەدیی و هەمیشە یەکسان (ever-same) پیشان دەدرێت، فراوانییەك کە فلانوری تاق و تەنها لەخشتە دەبات[7].

بنیامین لە کتێبی **"ســـەرچاوەی درامای ماتەمی ئەڵمانیی"**دا، کە بۆ یەکەمجار چەمکی ئەلیگۆریی بەکاردەهێنێت، باس لەوە دەکات، ئەلیگۆریســـت، لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە شـــتە مردوو و بێ گیانەکانەوە لەســـەر ســـەکۆ بە مانای شـــاراوەیانەوە، ئەو مانایانەی دەبێت ڕزگار بکرێن، دەســـتدەکات بە کەشـــفکردنی دیوە ڕاســـتەقینەکانی کۆمەڵگای ســـەرمایەداریی. واتا ئەو ئۆبژێکت و بابەتانەی لە کۆمەڵگای بەرهەمهێنانی کاڵاییدا ڕەهەندی قودسییان پێدراوە، لە موقەدەس دادەماڵرێن. بەڵام، بە ئاشکراکردنی ئەم دیوە شـــاراوانەی ئۆبژێکتەکان، واتا ئەم کردەیە، هاوکات وێرانکردن و لەناوبردنی جیهانی خـالّیی و بەتـاڵیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لێرەدا، لای بنیـامین چەمکی ئەلیگۆریی، بەتەنها ڕەهەندێکی تیۆریی نییە، بەڵکو ڕاســـتەوخۆ پەیوەندیی بە ماتریالیزمی مێژوویی و پرۆلیتاریاوە دەکات. بە وشـــیاربوونەوە بەرانبەر بە تێزی یانزەهەمی ***کارڵ مارکس*** دەربارەی لودڤیگ فویەرباخ: "فەیلەســـوفان تا ئێســـتا بە شـــێوازی جۆراوجۆر تەنها تەفســـیری جیهانیان کردووە، بەڵام خاڵەکە بریتییە لە گۆڕینی جیهان"، بنیامین دەســـتی کردبوو بە داڕشـــتنی تیۆرەیەکی ڕادیکاڵ دەربارەی ئەلیگۆریزم وەك ئاشـــکراکردن و هێنـانەوەی مێژووی ڕابردوو. لەبەرئەوە وەك شـــتێکی بێلایەن ســـەیری مێژووی نەدەکرد، بەڵکو نووســـین دەربارەی ڕابردوو بۆ ئەو فۆرمێکی تۆڵەکردنەوە بوو. جگە لەوە، بنیامین پێیوابوو فەلســـەفە توانای گۆڕینی جیهانی نییە، تەنها کارێك شـــیکاریی دروستی فەلسـەفیی بتوانێت بیکات، ئەوەیە کۆمەکمان بکات کە وێنەیەکی دروستترمان بۆ واقیع هەبێت.

[7] Esther Leslie, Walter Benjamin (Critical Lives), Reaktion Publications, London, 2007, p.185.

لەسەر سەکۆی **درامای ماتەم**(*Trauerspiel*)دا، ئۆبژێکت و بابەتە بە ئەلیگۆرییکراوەکان وەک ویرانە یاخود کەلاوە کەڵەکەبووەکان دەردەکەون – و ئەمەش دەرفەتێك لەبەردەم بینەر/خوێنەر/بیسەردا دەکاتەوە قوڵبێتەوە ناو مێژووەوە کە هەموو وشیارییە ساختە و فۆرمە موقەدەسکراوەکان ئاشکرا بکات و ببینێت. کاتێك سەرمایەداریی حەز دەکات جیهان وەك شتێکی چوونییەك، زەمەن وەك شتێکی بەتاڵ و هۆمۆژێن و چوونییەك، کۆمەڵگا وەك نەتەوەیەکی وەك یەك پیشان بدات تا هەلومەرجی ئێستای دەسەڵاتداریتیی خۆی بسەپێنێت، ئەوا، وەك بنیامین ئاماژەی بۆ دەکات: "لە روانینی ئەلیگۆرییانەدا، وێنەکە نەك یەکگرتوو، بەڵکو کەرت کەرت دەردەکەوێت، ویران... [نەك ئەوەی کۆمەڵگای بەرهەمهێنانی کالایی دەیەوێت وەك فیستیڤاڵ پیشانی بدات]... دەرکەوتەی ساختەی ئەم گشتێتییە[ی سەرمایەداریی] لەناو روانینی [ئەلیگۆرییدا] بە تەواویی لەیەك جیادەکرێنەوە. لەبەرئەوە ئایدۆس دەردەکەوێت، چوونییەك یان لەیەکچوون لە بوون دەکەوێت" و ئەو جیهانە ساختەیەی کۆمەڵگای کالایی، کە ئینسانەکان نامۆ دەکات، دەیەوێت وەك کۆمەڵگایەکی یەکسانیخواز و ئەبەدیی پیشانی بدات، لەناو سیستەمی دەرککردنی ئەلیگۆرییدا، دیوە تاریکەکەی ناو رۆشنایییە ساختەکەی ئاوەڵا دەکرێت و ئیتر بە رووتیی دەبینرێت[8]. لێرەوەیە بنیامین دەیەوێت بودلێر وەك شاعیری ئەلیگۆریست، سەرەرای ناکۆکیی و دژبەرییەکانی، بەکاربهێنێت. ئەم چەمکە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا، بۆ یەکەمجار لەلایەن ***تێری ئیگڵتۆن***ەوە لەکتێبەکەیدا دەربارەی بنیامین (1981)، دژ بە ئەدەبیاتی ئینگلیزیی بەکاردەهێنرێت. ئیگڵتۆن دەیەوێت لە رێگای ئەم چەمکەوە ئەوە ئاشکرا بکات کە ئەدەبیاتی ئینگلیزیی، ئەگەر بە تەواویی لەپشتی نەزمی باڵادەست و چینی حاکمەوە نەبووبێت، هەرگیز دژیشی نەبووە[9].

شیعری بودلێر، بەنموونەییکردنی فرەرەهەندیی مانایییە لە ئاستێکی بەرچاودا، وەك بنیامین تێبینییکردووە؛ هەر هەلومەرجێك لە ئێستادا، بە شێوەیەکی دیالەکتیکیی پەیوەندیی بە هەلومەرجێك لە رابردوودا دەکات. هەروەها بەئەلیگۆرییکردن

---

[8] بۆ زانیاریی زیاتر بروانن:
Walter Benjamin, Origin of the German Trauerspiel, translated by Howard Eiland, Harvard University Press, 2019.

[9] Terry Eagleton, Walter Benjamin, or Towards a Revolutionary Criticism, Verso, London, 2009.

(Allegorization) ڕێگـاخۆشـــکردنە بۆ بەکەســـییکردنی هێزەکـان، کە لەبەرەی پێچەوانەدا دەکرێت وەك شتی ئەبستراکت و سەروو کەسیی ببینرێن. بیرلەوە بکەنەوە، بەخوداییکردنی سیستەمی حوکمڕانیی، لە سەردەمی پاشایەتییدا. واتا ئەو مافە خواییەی بە پاشـا دەبەخشـرێت، نەخێر بەئەلیگۆرییکردن ئاشـکرای دەکات: مرۆڤەکان. هەروەها بەئەلیگۆرییکردن ڕابردووی بێ ناوان و سـەرکوتکراو و قوربانییانیش ئاشکرا دەکات: ڕابردوو وەك ئۆبژێکت و شـتێکی مێژووگەرییانە لێرە نییە تا ڕەهەندی جوانیناسـیی لە نووسـینەوەیدا پێ ببەخشـرێت، بەڵکو لێرەیە، تا ئێسـتای پێ قەیراناویی بکرێت؛ ئێستای چینە باڵادەسـتەکان. لەبەر ئەوە بنیامین ئەم فیگورە بەکەسـییکراوە لە پیاسـەی بەردەوام لەگەڵ و لەدەرەوەی شـــیعرەکـانی بودلێرەوە دەدۆزێتەوە. لێرەوەیە کە لە یەکێـك لە کۆنفۆلتەکانی کتێبی **"پرۆژەی پاســـاژەکان"**دا دەڵێت: "دەبێت ڕێگای خۆمان لە ڕێگای **گوڵەکـانی خراپە**وە بەو مـانـایەوە بدۆزینەوە کە چۆن شـــتەکـان دەبن بە ئەلیگۆریی. بەکارهێنانی پیتە گەورەکان دەبێت بە وریاییەوە بگیرێنەبەر"[10].

وێنەی دیالەکتیکیی (dialektische Bild) ڕابردوو بە سـاتی ئێسـتاوە دەبەسـتێتەوە؛ ڕابردوو بۆ ڕۆشـنایی خستنەسـەر لە دەقیقترین سـاتی خۆیدا لێرەیە، کە ئێستا، ئەگەر بیەوێت ڕزگار بکرێت، پێویســـتی پێی دەبێت – بە پێچەوانەوە، ئەگەرنا، هیچ جۆرە ئینتیقال، گواسـتنەوە و پاشـان ڕزگاربوونێك ڕوونادات. ئەگەر ئەمەش ڕوویدات، وەك فلاشـێکی خێرا، ســـاتێکی بێ زەمەن، کە دیالەکتیك دەوەسـتێنێت، دەبێتە ئامرازێك کە زەمەنی ئێســـتـا، یـاخود ئەوەی بنیـامین نـاوی دەنێـت: بەردەوامیی مێژووی چینە باڵادەســـتەکان، دەتەقێنێتەوە. ئەم ســـاتانە لای بودلێر بە بەردەوامیی ڕوودەدەن. فلانور دەستدەکات بە بەئەلیگۆرییکردنی سەرجەمی ئەو شتانەی لەبەردەمیدا قوت دەبنەوە، لە کـاتێکدا خۆی لە هەموو چالاکییەك بە دوور دەگرێت، بەڵکو تەنها بە ئەبلەقیی و بە زەقییەوە دەڕوانێتە شـــتەکان؛ و بە جۆرە ڕوانینێکی وەهای ڕۆشـــنبیرییانە (ئێوە ناوی بنێن تەمەڵانە)، تێگەیشتن لە وێرانەکانی شاری مۆدێرن دەباتە ناو ئەلیگۆرییەوە.

[10] Walter Benjamin, The Arcades Projects, ob.cit, pp.203-211.

## دوو: ئەلیگۆری و مالیخولیا

بنیامین لە وتاری "**سەنترال پارک**"دا دەربارەی بودلێر، بە وردیی هەڵوەستە لەسەر چەمکی مالخولیا دەکات و دەڵێت: "دەستەواژەکەی میلانکتۆن، **ئەو مالیخولیا پاڵەوانییە،** بە شێوەیەکی باڵا بلیمەتیی بودلێر وەسف دەکات. بەڵام مالیخولیای سەدەی نۆزدە، خەسڵەتێکی نامالیخولیای سەدەی حەڤدەی هەبوو"[11]. ***دی ئەنیمای*** فیلیپ میلانکتۆن (1548) بەرهەمێکی هیومانیستیی کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو کە ڕۆڵێکی بنچینەیی لە ستایشکردن و زەقکردنەوەی ئایدیای مالیخولیا یاخود میلانکۆلی (melancholy)دا هەبوو. لە کاتێکدا زانا و لێکۆڵەرە یەکەمینەکانی سەدەکانی ناوەڕاست مالیخولیایان تەنها وەك ئازار، ڕەنج، یان ئەشکەنجەیەك دەبینی، کەچی بەرهەمەکەی میلانکتۆن پرۆسەیەك دادەمەزرێنێت کە بەهۆیەوە مالیخولیا بەشداریی لەگەڵ شێتیی داهێنەرانە، یاخود مەستیی بلیمەتییانەدا دەکات کە لەلایەن ئەفلاتونەوە باسکرابوو. مالیخولیا چیتر هێزێکی جوڵێنەر نییە لەپشتی شەیدایی لێکۆڵەرانی ناو جیهانی کتێبەکانەوە، بەڵکو هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی بەرهەمدار بۆ پاڵنەر و ئیلهامە هونەرییەکانیش. بەرهەمەکەی بنیامین دەربارەی درامای ماتەمی سەردەمی بارۆك، لێکۆڵینەوە لە شاکارە هونەرییەکەی ئەلبرێشت دورەر بە ناوی ***مالیخولیا*** دەکات. پیشاندان و شیکارکردنی ئەلیگۆرییانەی ئەم شاکارە هونەرییەی دورەر، چەمکی ئەلیگۆریی لای بنیامین و بودلێر ڕوونتر دەکاتەوە.

لە ڕێگای دووانە نیشانەی ئەلیگۆری و مالیخولیاوە، بودلێر دەستدەکات بە تێبینیکردن و تەماشاکردنی ئەم جیهانە و ئێمەش دەبێت لە هەمان کاتدا بە وردییەوە تێبینیی ئەم کاتیگۆرییانەی قۆناغی پێش مۆدێرن بکەین. ***دەیڤد هارڤەی*** لە کتێبە ناوازەکەیدا بە ناوی: "پاریس، پایتەختی مۆدێرنیتە" (کە بە ئیلهام وەرگرتن لە بنیامین نووسیویەتی) باس لە هەبوونی ڕێبازێکی چوار میزاج یان حاڵەت دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی جەستەی مرۆیی و لەم ڕووەوە لەژێر نیشانە ئەستێرەییەکانی چارەنووسمانەوە ئاماژە بەم حاڵەتانە دەکات.

[11] بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێنەوە بۆ:
واڵتەر بنیامین، سەنترال پارك، وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد، گۆڤاری شیعر، ژمارە 2، سلێمانیی، 2016.




مالیخولیا، بەرهەمێکی هەڵکۆلراوی ساڵی ١٥١٤ هونەرمەندی ئەڵمانی (ئەلبرێشت دورەر)ە.

و مێژوونووسانی هونەر ئاماژەیان بە بەرهەمە هونەرییە ئەلیگۆرییەکەی دێلاکروا بە ناوی ***ئازادیی لە سەنگەرەکاندا*** (1830) کردووە. دوای ئەمە، مۆدێل و شێوازی ئەلیگۆریی تەنها دەبێتە شتێکی ئەکادیمیی و بێزارکەر، و لەلایەن ئەکادیمییە خاوەن ئیمتیازەکانەوە تەنها وەك پرۆژەیەکی سەر بە مێژووی کولتووریی، لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. و هەوڵی بنیامین بۆ لێکدانەوەی مالیخولیا و ئەلیگۆریی، هەوڵێك بوو بە ئاراستەی ڕزگارکردنی لە چنگی ئەکادیمییەکان، بە کورتی: هەوڵێك بوو بۆ نووسینەوەی مێژووی هونەر نەك وەك ئۆبژێکت و بابەتێکی مێژوویی سەر بەڕابردوو، بەڵکو هێنانی بۆ ئێستا و، دواجار نووسینەوەی مێژووی هونەر لە ڕوانگەی چەوساوانەوە. تێزی ئاوێتەکردنی ئەلیگۆری و مالیخولیا ئەم دەرفەتەی بە بنیامین بەخشیبوو. خۆ ئەگەرچی بودلێر دەکرا هەردوو مۆدێلەکە دەرك بکرێت و نیشان بدرێت.

وەك ئەمڕۆ ئەكادیمیا ئەم پێگەیەی بە بنیامین بەخشیوە كە خۆی هەم نەیویستووە و هەم هەرگیزیش پێینەگەیشتووە. مێژوو لە ئەكادیمیادا دەبێتە مێژووگەرایی (historicism)، واتا هاوسۆزییکردن لەگەڵ چینە باڵادەستەكان، لە شەقامیشدا دەبێتە مێژوو لە سەنگەرەكاندا، واتا خەباتی چینایەتیی و جەنگی پارتیزانی. ئایا ناونیشانی بودلێر و شەقامەكانی پاریس چ شتێك ئاشكرا دەكات؟



تابلۆی (فریشتەی نوێ)ی بەرهەمی هونەرمەند (پاول كلێ) ١٩٢٠

ئێمە نازانین ئەگەر بودلێر ئاگای لە بەرهەمی فریشتەی مالیخولیای ***ئەلبرێشت دورەر*** بووبێت؛ بەڵام بنیامین بە وردیی لێكۆڵینەوەی لەسەر كردووە. هاوشێوەی فریشتەی نوێ، فریشتەی مالیخولیاش بۆ بنیامین دەبێتە دەرفەتێكی گەورە بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و

هاوكات لە ئەمڕۆ. وێنەی فریشتەی مالیخولیا، فریشتەیەك لەنێو تاریكیی و پەرێشانییدا پیشان دەدات، ئیفلیج، لەپەلوپۆ كەوتوو، كە پێدەچێت بەهۆی مالیخولیاوە بەسەریهاتبێت، چاودەبڕێتە مەودایەكی دوور، كە بەكەرەستەگەلێكی زۆری تازە دەورە دراوە. هەموویان لەو ناوە بڵاوكراونەتەوە و بەكاریش نەهێنراون. ئەم كەرەستانەش بریتین لەدەستاڕ یان بەردئاش (grindstone)، ڕەندەی دارتاشی (a plane)، چەند بزمارێك، چەكوش، چوارچێوەبڕ (framing square)، جوتەگاز (a pair of pincers) و مشار. دەموچاوی جوانی فریشتەكە سێبەری بەسەرەوەیە؛ ڕۆشنایی تەنها بەهۆی كراسە درێژەكەی و تۆپە خڕەكەی بەر پێیەوە دەدرەوشێتەوە. لەپشتە سەریدا سەعاتێكی لمی (كە لمەكانی خەریكن دەڕژێن)، زەنگێك، دەستێكی تەرازوو و چوارگۆشەیەكی جادوویی دەبینین، و پاشان، لەسەروی دەریاكەوە، لە دیمەنەكەوە، ئەستێرەیەكی كلكدار بەبێ هیچ ڕووناكییەك، دەدرەوشێتەوە. هەروەها گۆشەیەكی سیحریی و جادوویش هەیە، تیایدا مەلۆتكەیەكی ترسناك دەردەكەوێت. كەسایەتیی و فیگوری كینایە و نیشانەیی دانیشتنی دۆخی مالیخولییانە، بەهۆی سستییەكەی، لاوازییە ڕۆحییەكەیەوە دەردەكەوێت كە بەهۆی تیشكی ئەستێرەیەكی كلكدارەوە ڕۆشنایی دەكەوێتە سەر، تیشكێك كە وادەردەكەوێت پێشبینیی شتی باش ناكات. شەمشەمەكوێرەیەك دەردەكەوێت جیڕەجیڕ دەكات. فیگورە ئەلیگۆرییەكە تەنها بەدەست مالیخولیاوە ناناڵێنێت؛ چونكە ئێستا ئەو لە كەسایەتیی خۆیدا بەرجەستە بووەتەوە.

***جۆرجیۆ ئاگامبێن*** لە تەفسیرەكەیدا بۆ ئەم تابلۆیە پێیوایە ئەگەر **فریشتەی مێژوو** یاخود **فریشتەی نوێ** فریشتەی زەمەن بێت، ئەوا فریشتەی مالیخولیا، كە ناوی دەنێت فریشتەی هونەر، فریشتەی بێ زەمەنییە. فریشتەی نوێ لە ڕابردوو دەڕوانێت، بەڵام فریشتەی هونەر دەڕوانێتە داهاتوو. فریشتەی نوێ لە تێزی نوێ بنیامیندا دەڕوانێتە ئەو وێرانكارییانەی لەبەردەمیدا وەك كێوێك كەڵەكە كراون، لە كاتێكدا فریشتەی هونەر كۆمەڵە ئامرازێكی ژیانی چالاكی لەبەردەستدایە، كە بەگوێرەی ئاگامبێن، ئەو بەها و ئیعتبارەیان لەدەستداوە كە بەكارهێنانی ڕۆژانەیان پێی بەخشیون، چونكە كۆمەڵە نامۆبوونێكیان لێ باركراوە و ئەمەش ئەو شتانەی بەرەو ڕەمزی شتێكی تەواو تێپەڕ و خێرا بردووە. وەك ئاگامبێن دەڵێت، ئەو شتەی چووەتە دەرەوەی توانای تێگەیشتنی فریشتەی نوێ یاخود مێژووەوە، سەرلەنوێ فۆرمی خۆی لە بەرانبەر فریشتەی هونەردا دادەمەزرێنێتەوە؛ ئەگەرچی ئەم فۆرمە لە ڕاستیدا وێنەیەكی نامۆبووە، كە ڕابردوو چیتر

ناتوانێت خۆی ڕزگار بکات ئەگەر لە ئەزەلەوە خۆی نەفی نەکاتەوە و ناسینی شتی تازەش تەنها لە ناڕاستەقینەیی و ساختەیی شتی کۆندا دەرمخسێت[12]. کەواتە، فریشتەی هونەر دەکرێت دەرکی ئەوە بکات کە ئەو شتەی ئەمڕۆ لە مۆدێل و فۆرمی شتی نوێ وەك فاشیۆن و مۆدی ڕۆژ دەردەکەوێت، تەنها شتە کۆنەکەی ڕابردووە و ئەم حاڵەتەش لە ڕێگای دەرککردنی جەوهەری شتەکانەوە، فریشتەکە دووچاری مالیخولیا دەکات، ئەم مالیخولیایەش لە ڕێگای بەئەلیگۆریزەکردنی شتەکانەوە، جەوهەرە ڕاستەقینەکەیان دەردەخات. کەواتە ئەگەر شتە تازەکان لە فۆرمی مۆدێلدا وەك شتی زیندوو و چالاك دەربکەون، ئەوا بە شیکارکردنی ئەم شتانە لە ڕێگای ئەلیگۆرییەوە دەگەین بەو دەرەنجامەی، وەك بنیامین لە بەشی تایبەت بە "مۆدێل" لە کتێبی "پرۆژەی پاساژەکان"دا باسی دەکات، کە: "هەر مۆدێلێك دژی شتی ئۆرگانیی و زیندوو دەوەستێتەوە. هەموو مۆدێلێك (فاشن) جەستەی زیندوو بە جیهانی نائۆرگانیی و نازیندووەوە گرێدەداتەوە. لای زیندووان، مۆدێل بەرگریی لە مافەکانی خۆی بەسەر جەستە و لاشەکاندا دەکات"[13]. گیاکۆمۆ لیۆپاردی لە وتاری ***"دیالۆگی نێوان مۆدێل و مەرگ"***دا دەڵێت: "ئەی مۆدێل: خانمی مەرگ! خانمی مەرگ!"[14]. بنیامین لە شەرحی ئەم ڕستەیەدا دەڵێت: "مۆدێل عادەت و ڕیتواڵ (ڕێوڕەسم) بەگوێرەی خواستی فیتیشیزمی کاڵایی دەستنیشان دەکات، کە دەبێت بپەرسترێت"[15].

لەنێو ئەم ئامرازە پەرتەوازانەدا ئێمە گریمانەیەکی فەلسەفیی دەبینینەوە کە بودلێر و بنیامین، هەردووکیان، باسیانکردووە: ڕقێکی توند لە چەمکی پێشکەوتن وەك سەرکەوتوویەکی گشتیی و پێدراوی ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی. واتا ئەو تێگەیشتنەی کە هەموو شتێك بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك بەرەو پێشەوە دەچێت و چەندە تەکنیك و ئامرازە زانستییەکان گەشە بکەن، مرۆڤایەتیی زیاتر و زیاتر بەرەو ئاشتیی، یەکسانیی، کۆمەڵگای کراوە و پێکەوەیی دەچێت؛ بێ ئاگا لەوەی ئەو ڕووداوانەی لەم پێشکەوتنەی ئامرازەکانەوە سەریانهەڵدا، وێنەیان لە مێژووی مرۆڤایەتییدا نەبووە، بۆ نموونە هەردوو

---

[12] Giorgio Agamben, ‘The Melancholy Angel’, The Man Without Content, Stanford University Press, 1999, pp. 104-115.

[13] Walter Benjamin, The Arcades Projects, ob.cit, p.79.
[14] Giacomo Leopardi, Essays and Dialogues, translated Giovanni Cechetti, University of California Press, Berkeley, 1982, p.67. Quoted in Walter Benjamin, The Arcades Projects, ob.cit, p.18.
[15] Walter Benjamin, The Arcades Projects, ibid, p.18.

جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان، بە پێشکەوتووترین ئامرازە زانستییەکان ئەنجام دران. بە مانایەکی دیکە، بەبێ پێشکەوتنی زانستیی، هیتلەر و مۆسۆلینی و سەرجەمی فاشیستە گەورەکانی سەدەی بیست، نەیاندەتوانی ئەم سەرکەوتنە بەسەر ئازادیخواز و خەباتگێڕاندا بەدەست بهێنن. مێژوو سەلماندوویەتی، لەپشتی هەر سەرکەوتنێکی کارەساتی فاشیزمەوە، زانستێکی تازە داهێنراو وەستاوە. ئایا لە مێژوودا قڕکردن و وێرانکردنێکی هاوشێوەی هیرۆشیما و ناکازاکیی بە چەکی ئەتۆمیی، بوونی هەبووە؟ بێگومان نەخێر.



گراندڤیل یاخود پێشانگای جیهانیی: "خەڵکی مۆدێلپەرست لە مەیدانی گشتییدا یاخود نیگای زەقی مۆدێل" (1844). سەرچاوە: پڕۆژەی پاساژەکان، واڵتەر بنیامین

لە ڕاستیدا بودلێر لە سەرجەمی ژیانیدا، گاڵتەی بە چەمکی پێشکەوتن دەهات، ئەگەرچی خۆی لەنێو دڵی پێشکەوتووترین بەرهەمە زانستییەکاندا دەژیا. لە ڕێگای بەئەلیگۆریکردنی شتە تازەکانی بەردەمی، دەستیکردبوو بە ئاشکراکردنی ئەو هێزە تاریکانەی کە وەك تیشکی خۆر، بە ڕووناکیی دەبینران. بنیامین لەم ڕێگایەوە دەیەوێت ئەم شتە تازانە ئاشکرا بکات. دوایین نووسراوی بنیامین، بە ناوی ***"تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژوو"*** پەردە لەسەر ئەم باوەڕبوونە ترسناکە بەپێشکەوتن لەلایەن سۆسیال دیموکراسییەوە (گەورەترین هێزی باڵادەست هاوشانی کۆمۆنیستەکان کە خاوەن

گەورەترین چینی کرێکاری ڕێکخراو بوون لە جیهاندا)، وەك بنیامین دەڵێت، خیانەتیان لە پرۆلیتاریای ئەڵمانیی کرد و ڕێگایان بۆ فاشیزم خۆشکرد دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت.

## سێ: سەرهەڵدانی فلانور

*"فلانور ڕۆڵی پێشەنگایەتیی لە بازاڕدا دەبینێت. بە گشتیی، ئەو هەروەها لێکدەرەوەی قەرەباڵغییشە".*
*(واڵتەر بنیامین، پاریس، پایتەختی سەدەی نۆزدە)*[16].

***فلانور*** وەك فیگورێکی خۆیەکسانکەر بۆ شاعیر یان ڕۆژنامەنووس شوێنێکی گرنگ وەردەگرێت کە بە نائومێدییەوە بۆی دەردەکەوێت ئەوە بازاڕە هەلومەرجەکان بۆ بەرهەمهێنانی وشەکان دیاریدەکات. لەم ڕووەوە پێگەی ***فلانور*** هەمیشەناجێگیرە، ئەو قەیرانە پیشان دەدات کە لەلایەن ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە سەریهەڵداوە. ***فلانور***، کە حەز دەکات ببێتە ڕۆشنبیرێك ئازاد بێت لە هاتن و چوون، دەبێتە بەندە و غوڵامی بازاڕ. فلانور حەزی لە تەنبەڵییە. تەنبەڵیی، نابەرهەمهێنەریی، داندییزم، **فلانوریتیی** – ئەو شتانەن بنیامین شەیدا دەکەن. لە کتێبی ***پرۆژەی پاساژەکان***دا بنیامین فایلێك بۆ تەنبەڵیی - *Müßiggang*- (idleness) تەرخان دەکات. مارکسیش باس لەوە دەکات کە تەنبەڵیی، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، کاریگەرترین فۆرم و شێوازی بەرەنگاریی بووە لە سەدەی مانیفاکتۆردا.[17] بنیامین دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لە تەنبەڵیی و ***فلانوریتیی***، پیاسەکەر (کات بەفیڕۆدەر) کە وادەردەکەوێت توانای ناڕەزایەتیی هەبێت لە ڕێگای سستیی خۆیەوە دژی هەنگاو و زەمەنیی ئەبەدیی، چوونییەکی بەرهەمهێنان لە سەدەی نۆزدەدا. خەسڵەتی دوانەی فلانور، کە هەم حەزدەکات خۆی لەناو قەرەباڵغییدا بزر بکات و هەم وەك بنیامین باسی دەکات، لە بنەڕەتدا بەدوای کڕیار لە بازاڕدا دەگەڕێت، لە مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە سەرچاوەی گرتووە. فلانور (ئێوە بڵێن ڕۆشنبیر)، هەم دژی سیستەمەکەیە، هەم

[16] Walter Benjamin, ibid, p.21.
[17] Karl Marx, ‘Teilung der Arbeit und Manufaktur’, in *Das Kapital*; Vol. 1, Marx – Engels Werke, Dietz Verlag, Berlin 1969 p. 390.

بەشـــێکیشـــە لە ســـیســـتەم. واتا هەم حەز دەکات بزر بێت بەڵام هاوکات ئارەزووی فرۆشـــتنی مەعریفەکەشـــی دەکات. فلانور، کە لە فۆرمی بۆهیمیاشـــدا دەردەکەوێت، جارێك دژی دیکتاتۆرییەتە، کەچی بەرەیەکی ئەم توێژە، دەچێتە پاڵ فاشیزمیشەوە.

بنیامین لە سـەرجەمی نووسـراوەکانیدا دەربارەی پاسـاژەکانی پاریسـی سـەدەی نۆزدە، وێنە و نیگاری بودلێر بۆ فلانور وەك پیاســـەکەرێکی ناو گەورەشـــار، کرپاری بەر پەنجەرەکان و بیرکەرەوەی مۆدێرنیتە دەهێنێت و ڕۆشـــناییەکی تازەی دەخاتە ســـەر. لەلایەکی دیکەوە بودلێر فلانور بە تەنها وەك پیاسـەکەرێکی نێو نەشـونمای پرشـنگداری مۆدێرنیتە پێناســە ناکات، بەڵکو ئاگای لە وەهمەکانی کارەکتەرەکەش هەیە. ئەوەی لای بنیـامین، ســـەرەڕای ڕەهەنـدە فیکرییە قوڵەکەی، شـــتێکی تـازە و داهێنەرانەیە، هەڵوەستەکردنە لەسەر ڕەهەند و سیاقی ئابووریی فلانور. لێرەوە، ئەو فلانور دەهێنێت و لەنێو سیاقی مێژوویی و کۆمەڵایەتییدا جێکەوتی دەکات. لەبەرئەوە، دەنووسێت:

*"ئینتێلیجێنتسیا (ڕۆشنبیرەکان) وەك فلانورەکان، هاتنە مەیدانی بازاڕەوە. وابیریان دەکردەوە کە سەیر و تێبینیی بازاڕ دەکەن – بەڵام لەڕاستیدا بەدوای پەیداکردنی کڕیارێکدا دەگەڕان" [18].*

بنیـامین ئەو ئەم واقیعە ڕوون دەکـاتەوە کە شـــاعیر دەنگدانەوەی ڕۆحییەتی یـاخیی بۆهیمیـایە، ڕۆحییەتێکی یـاخیی کە ئەگەرچی بە نـاچـاری دژەبۆرژوازییە، بەڵام ئامانجەکەی لەپێشـەوە نەك تەنها ڕوون نییە بەڵکو دەکرێت بگۆڕێت یان ئاراسـتەکەی گۆڕانی بەســـەردا بێت، دەکرێت بزر ببێت یان بەلارێدا ببرێت. ئەو باس لەوە دەکات چۆن نووســـەری کتێبی **"*گوڵەکانی خراپە*"** کە بەشـــداریی لە ڕووداوەکانی شـــوباتی 1848دا کردووە، لە کاتێکدا خۆپیشـاندانەکان شـەقامەکانی پاریس دەتەنەوە، ئەو هاوار دەکات: "بمرێ ژەنەڕاڵ ئەپیك!" (زڕباوکەکەی خۆی) و پاشان پشت بە بەشێکی دیکە دەبەسـتێت کە ئەمجارە واپێدەچێت شـاعیر پەردە لەسـەر سـرووشـتی یاخییانەی خۆی هەڵماڵێت:

[18] Walter Benjamin, The Arcades Projects, ob.cit, p.21. Or Walter Benjamin, Charles Baudelaire: A writer of Modern Life, Essays on Charles Baudelaire, translated by Edmund Jephcott, Rodney Livingstone and Harry Zohn, edited by Howard Eiland, The Belknap Press, 2006, p.40.

*هاوار دەکەم*

*"بژی شۆڕش!"*

*ئەگەرچی دەمتوانی بڵێم:*

*"بژی وێرانە! بژی تەمێکردن! بژی سزادان! بژی مەرگ!"*

*خۆشحاڵ دەبووم*

*نەك تەنها وەك قوربانییەك*

*هەروەها ناڕازیی نەدەبووم*

*لە پیادەکردنی ڕۆڵی جەلادێك – ئەی ئەوە نییە لە هەردوو لایەوە هەستم بە شۆڕش دەکرد!*

*لە خوێندا*

*هەمووامان ڕۆحییەتێکی کۆماریخوازیمان هەیە*

*هەروەها سفلیس*

*لە ئێسقانەکانماندا*

*ئێمە بە دیموکراسیی و سفلیس ئالودە بووین.*[19]

بنیامین دەڵێت لە واقیعدا فلانوریتیی لە ژۆرنالیزم (ڕۆژنامەگەریی)ـەوە دێتە دەرەوە و سەرهەڵدەدات – نووسەر وەك شەڕیزکەر، هونەرمەندیش وەك ڕۆشنکەرەوە و نەخشەکار دەردەکەوێت. ڕۆچوونە نێو فیکرەوە لەسەر قەرەباڵغیی و لەناو قەرەباڵغییدا و ڕامان دەربارەی فریودانەکانی شارنشینیی دەبوو وەربگێردرێتە سەر پارەی نەقد. ئەمە نائومێدیی بودلێر بوو: مەحاڵێتیی دابەشبوون، خواست بۆ نیوەڕۆخوانێکی

[19] بڕوانە: ئێنزۆ تراڤێرسۆ، بۆهیمیا، نەفیکردن و شۆڕش: چەند تێبینییەك دەربارەی مارکس، بنیامین و ترۆتسکی، وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد، ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام، سلێمانیی، 2017، ل49-51.

ئازادانە. پێویست بوو فلانورەکان کات بەسەربردنەکانیان دووبارە لە ئینجی ستوونەکان یان سـندووقەکاندا دابەش بکەنەوە. ئەوەی دەبوو ببێتە هونەر بۆ ئەبەدییەت، دەگۆڕێت بۆ نوســخەیەکی کۆپی لە پێناوی بابەتی ســبەینێدا. بنیامین دەربارەی فلانور وەك پاڵەوانی مۆدێرنیتە دەنووسێت: "ئەو شانازیی و خۆنواندن بە خودی چەمکی قابیلییەتی کڕینەوە دەکات". فلانور وەك هێزی کاری ڕۆشـنبیری سـەیردەکات و سـەیردەکرێت، کڕین دەبــاتە نێو بواری نمــایش و ئەمەش دەبێتە کــاڵایەك بۆ هەڕاجکردن[20]. ســـەقامگیربوونی فلانور لە ڕوانگەی ئـابوورییەوە ڕێگا بە بنیـامین دەدات بـاس لە لەیەکچوونی نێوان فلانورەکان، سـۆزانییەکان و کرێکاران بکات: مێشـك بۆ فرۆشـتن هاوتای جەسـتەیە بۆ فرۆشـتن و هەڕاجکردن. لای بنیامین ئەوە ڕوون و ئاشـکرایە کە فلانورەکان و هونەرمەندان، هاوشـــێوەی کرێکارانی دەســـتی و زەینیی، دەکەونە نێو ناکۆکییەکانی سـەرمایەوە. وەك چۆن دەستفرۆشـان هەوڵدەدەن خۆیان سـەقامگیر بکەن، فلانورەکانیش بە وریاییەوە ئەم هەوڵە دەدەن، هەمیشـە بابەتێك بۆ ڕەتکردنەوەی بازاڕ. و ئەو ژینگە یاخییەی ئەوان لێیەوە ســـەرهەڵدەدەن و تیـایدا ترس و نـادڵنیایی خۆیـان سەبارەت بە مۆدێرنیزاسیۆن و فەنتازیاکانیان بۆ سەربەخۆیی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی دەهێننەئـاراوە، بریتییە لە مـاڵێکی پڕ لە کێشـــمەکێش. ئەمەش ڕیزبەســـتنی کێبڕکێی تاکەکان جێگیر دەکات، خۆیان لەبەردەم بازاڕدا تووشـی سوکایەتیی و ڕسوایی دەکەن. بنیامین باس لەوە دەکات کە ژیانی دەلاقەداری فلانور سـنووردارە: دەبێت لەگەڵ کاتدا ژیانی پاکبکاتەوە و وەهمەکانی لەناو ببات[21]. ئەگەر فلانور بیەوێت پێگەی ئابووریی خۆی سەقامگیر بکات، دەبێت سازش لەسەر سیاسەت بکات.

کـارڵ مـارکس لە کتێبی ***هەژدەهەمی برومەری لوویی بۆنـاپارت*** (1851)دا بـاس لە دوورکەوتنەوەی بۆرژوازیی کۆماریی لە کولتوور و ســـیاســـەت دەکات. باس لەوە دەکـات کە چۆن بۆرژوازیی دامەزراوە و بەهـاکـانی خۆی و هەروەهـا دیـارترین و بەرچاوترین فۆرمەکانی خۆی لەناو دەبات. لە ڕێگای ماســـتاوکردنی بۆ ســـەرۆك، جوێندانی بە پەرلەمان، وەستاندنی چاپەمنیی خۆی، بۆرژوازیی بانگهێشتی بۆناپارتی کرد باڵادەستیی پەیدا بکات و هەروەها بانگهێشتی کرد تا خودی خۆی بێدەنگ بکات و

[20] Beatrice Hanssen (ed.), Walter Benjamin and the Arcades Projects, Continuum, London and New York, 206, p.94.

[21] Beatrice Hanssen (ed.), Walter Benjamin and the Arcades Projects, Continuum, London and New York, 206, p.94.

دەست بکات بە دامرکاندنەوەی نووسینی ئەو چینە، لەسیاستخستنی و ***ئەدەبیات***ـــەکەی، لەناو بردنی سەکۆ و چاپەمەنییەکەی. لەگەڵ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی 1848دا، ئێستا بە تەواویی، بەرەی سەرکەوتوو و براوەی بۆرژوازیی، پشتیوانی "پارتی نەزم" (party of order)، هەوڵیدا باری قورسی خۆی لەلایەن بەرچاوترین هونەرمەندانەوە سووکتر بکات. بۆیە بانگی ناپلیۆنی سێیەمیان کرد:

*"دەست بکات بە بێدەنگکردنیان و قەدەغەکردنیان لە نووسین، لە سیاسەت دایانبماڵێت و لە ئەدەبیات دووریان بخاتەوە، لەبەر ئەوە ئەوان بەشێوەیەکی دڵگەرم کاروبارە تایبەتەکانی خۆیان لەژێر پارێزبەندیی حکومەتێکی بەهێز و ناپابەند بەڕێوە دەبەن".*[22]

بۆرژوازیی لە ڕێگای ئەم سازشکردنەیەوە، دەمی خۆی لەڕووی سیاسییەوە دادەخات، بەڵام کاروبارە تایبەتییەکانی خۆی (ئابووریی) بەڕێوە دەبات، چونکە تەواو لەوە دڵنیایە حکومەتێکی بەهێز و بێسنوور و موتڵەق ئەم کاروبارە تایبەتانەی ئەو دەپارێزێت. بە هەمان شێوەی سەدەی بیست چۆن بۆرژوازیی ئەڵمانیی، سازشی سیاسیی بۆ هیتلەر کرد، لە بەرانبەردا ڕژێمی نازیش، بەڵێنی پاراستنی سامان و سەرمایەی بۆرژوازیی دا. چەندە دەسەڵاتی دەوڵەتیی بەهێزتر بێت، ئەگەرەکانی پاراستنی کاروبارە تایبەتەکانی بۆرژوازیی، زیاتر دەبێت. بێ هۆ نەبوو مارکس دەیگوت: دەسەڵاتی دەوڵەتیی مۆدێرن، هیچێك نییە جگە لە کۆمیتەیەکی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بۆرژوازیی.

لە پاشکۆی میتۆدۆلۆژییدا بۆ وتاری "پاریس ئیمپراتۆری دووەم لای بودلێر"، بنیامین باس لەوە دەکات کە تیۆری ***هونەر بۆ هونەر*** l'art pour l'art [die Kunst um der Kunst willen] گرنگییەکی یەکلاکەرەوە لە دەوروبەری 1852دا بەخۆیەوە دەگرێت، واتا لەو کاتەدا کە بۆرژوازیی بەدوای چارەسەری خۆیدا دەگەڕا لەنێو دەستەکانی نووسەران و شاعیراندا. ***ئەدەبیات*** دەبێتە شتێکی زیادە، چیتر قسەکەر دەربارەی عەدالەت و چینی خاوەن فەزیلەت بوونی نامێنێت. بنیامین ئیقتباس لە پیشاندان و وەسفەکەی مارکس دەکات دەربارەی خۆکوشتنی بۆرژوازیی و ئەم سیاقەش بۆ باسکردن لە سەرهەڵدانی ستایل و شێوازی بۆرژوازیی بۆ هیمیایی ڕەخنەیی

[22] Karl Marx, The Eighteenth Brumaire of Louis Napoleon, New York Labour News, Socialist Labour Party, 2003, p.90.

بەکاردەهێنێت کە ئازار بەدەست بەکاربردنخوازیی، شارنشینێتیی و هەستیارێتیی بالاییەوە دەچێژێت. مۆدێرنیزم لەم قۆناغەدا دەست دەکات بە بەپەراوێزبوونی ناچارییانە(coerced marginalization)[23]. لێکۆڵینەوەکانی بنیامین لە بودلێر ئاشکراکردن و کەشفکردنی هەلومەرجەکانی سەرهەڵدانی ئاڤانت-گاردە. کات بەفیڕۆدان لە شەقامەکان، سەیرکردنی نمایش دەبێتە فۆرم و شێوازەکانی نارەزایەتیی دژی کەرت کەرتکردن و دابەشکردنە قێزەون و هەرزەییەکانی ئەو چینەی کە چیتر داوای ئازایەتیی ڕێسا سازییەکان و گوتاربێژییەکان ناکات. ئەمە نیشانەیەکی نهێنیشە کە ئەم هونەرمەندە بۆرژوازییانە خۆیان لە دەسەڵاتی واقیعیی دادەبڕن یان گۆڕان و داهێنانی کۆمەڵایەتیی کاتێکی گونجاویان بۆ سەرلێتێکچوون و تەنها سەیرکردن هەیە. لەم ڕووەوە بەرهەمهێنانەوەی شێوەکارییانە و ئەدەبیانەی فەزا و بۆشاییەکانی کاتی بەتاڵ و بەکاربردن، وەك پارکەکان و دەریاچەکان، قاوەخانەکان و بولڤاردەکان هەڵدەبژێرن.

وەك لەسەرەوە باسکرا، ***فلانور*** شوێنێکی گرنگ لە ڕوونکردنەوەی سیستەمی بازاڕ لە سەدەی نۆزدەدا وەردەگرێت. بەو جۆرەی بنیامین ئاماژەی بۆ دەکات، هەر لەبەر ئەوەشە، فلانور دواجار دەبێتە بەندە و غوڵامی بازاڕ. ئەم ناسەقامیگیریی و ناجێگیرییەی پێگەی ***فلانور*** لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا – لانیکەم بەو شێوەیەی لە پرۆژەکەی بنیامیندا هاتووە – لەو گۆڕانکارییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە سەرمایەداریی پیشەسازیی هێناونی. شێوازی ژیانی (فلانور)، چەندە کات بەرێکەرانەیە، هێندەش لەلایەن بەشارنشینیکردنەوە بە شێوەیەکی گشتیی و تایلەریزم بە شێوەیەکی تایبەت، بە سیستەمە کارگەییەکەی بۆ بەرهەمهێنانی بەرفراوان کە داوای خێرایی گشتیی و بەستانداردکردن لە سەرجەمی ناوچەکانی ژیان دەکات، هەڕەشەی لەسەرە. بنیامین باس لەوە دەکات کە چۆن "تایلەر دروشمی 'بمرێ تەنبەڵیی' کردە باو" و ئەم دروشمە دەبێتە بەشێك لە جەنگێکی کولتووریی گشتیی دژی تەنبەڵیی و سستیی. ***فلانور*** بەرەی خۆی لە خەباتی چینایەتییدا بۆ شوێنپێی ژیان و سەربەخۆیی کردە لەدەستدەدات. ئامرازی بژێوییەکەی – لای بنیامین ***فلانور*** ئەم بژێوییە لە ڕێگای بوون بە ***پیاوی نامەکان*** یان جۆرنالیست، شاعیرێکی ژیانی ڕۆژانە کە ***پارچەی ئەدەبیی*** بۆ چاپەمەنییەکان

[23] Esther Leslie, Walter Benjamin: Overpowering Conformism, Pluto Press, London, 2000, p.184.

دەنێرێت، دابین دەکات – بە بەردەوامیی هەرشەی لەسەرە چونکە بەهۆی پەیوەندییە مەرایییکەر و پاشکۆیەتییەکەی بۆ بازاڕی پڕ لە ئاژاوە و هەڵبژاردە بەم ڕۆژە گەیشتووە. هەرکە بازاڕ تووشی هەڵاسان بوو، فلانور (ڕۆشنبیران بە گشتیی) تووشی قەیران دەبن. بنیامین دەڵێت دواجار ***فلانور*** دەبێتە کۆیلەی کرێ، دوایین دەرکەوتەی بوونە بە لەفەفرۆش (Sandwich Man)، کە بە شێوەیەکی بێکۆتایی مەحکومە بە کەوتنە سەر شەقام و سەرگەردانبوونەوە[24]. ئەم پیاسەکەرانەی سەر شەقام لە تاکایەتیی خۆیان دادەماڵرێن، کورتدەکرێنەوە بۆ یەکەم پیتی نەک تەنها ناوەکانیان، بەڵکو دەبێت دەستبکەن بە گۆکردن و ئیملاکردنی لانەی کاڵاکان. سنووردارکردنێکی وەهای کەسایەتیی بۆ نیشانەیەکی ئەلفابێتی ڕووت و قوت دەبەسترێتەوە بە وێنەیەکی دیکەی نێو کتێبی ***پرۆژەی پاساژەکان***ـەوە. بنیامین لە 1935دا دەڵێت مۆدێل (فاشن)ێکی ژنانە هەبوو بۆ هەڵگرتنی نیشانەکانی یەکەم پیت بە کانزا، بە بلوزەوە یاخود چاکەتەوە هەڵدەواسرا. بنیامین ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەمە سنووردارکردنێکی ڕوولەزیادی بواری تایبەت و بەکاڵاییکردنی خود، وەك بەشێك لە خۆشەویستیی ڕیتوال و عادەت پیشان دەدات. هەر کەسێك نرخێکی هەیە. هەر کەسێك مۆرکێکی پێوەیە. هەموو کەسێك بۆ فرۆشتنە.

فلانور نیگا و خەونی هەموو ئەو کەسانەیە کە خۆیان دەفرۆشن، ئەویش ئاماژەیە لەسەر هەموو ڕووخسارەکانی گەردوونییەتی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگای کاڵاییدا. فلانور، هاوشێوەی کرێکار، دەبێتە سوبژێکت و بابەتێك بۆ چوونە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە ڕێگای بازاڕەوە. قەیرانی فلانور، هاوشێوەی قەیرانی هەموو ئەوانەی هێزی کاری خۆیان دەفرۆشن، بریتییە لە بازاڕکردنی تاکایەتیی خۆی. لە سەرمایەدارییدا، هەموو کرێکاران هێزی کاری خۆیان وەك کاڵا دەفرۆشن. بە تەسلیمبوون بە پرۆسەی فێتیشیزمی کاڵایی، بە مانایەکی تەواو مارکسیستیی، هەر کەسێك دەگۆڕێت بۆ شتێك. بنیامین دەڵێت:

*"مارکس دەربارەی خەسڵەتی فێتیشیی کاڵاکان دەدوێت. 'ئەم خەسڵەتە فێتیشییەی جیهانی کاڵایی لە خەسڵەتی تایبەتی کۆمەڵایەتیی کارەوە سەرچاوە دەگرێت کە کاڵاکان بەرهەم دەهێنێت... ئەوە تەنها پەیوەندیی تایبەتی*

[24] Walter Benjamin, The Arcades Projects, ob.cit, p.425.

*کۆمەڵایەتیی خەڵکە کە لێرەدا فۆرمی فەنتاسماگۆریانەی پەیوەندییەکی نێوان شتەکان بەخۆوە دەگرێت".*

سیحری فریودەرانەی زیندووی کاڵاکان لەلایەن بەشتبوونی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکەوە دێتەئاراوە. ئەو ڕوانگەیەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو سەرمایەدارییدا خەڵك ناچاردەکان خۆیان وەك ئۆبژێکتەکان لەقەڵەم بدەن و شتەکان وەك ڕوحلەبەر ببینن، دەبێتە پانتایی ڕەخنەی بنیامین لە سەرمایەداریی کاڵایی.

## چوار: بودلێر یاخود شەقامەکانی پاریس

بنیامین لە "*ئێکسپۆزێ*"ی 1939دا، بە تایبەت لە کەرتی "***بودلێر، یاخود شەقامەکانی پاریس***"دا دەڵێت: "ئەوە لەگەڵ بودلێر دایە کە پاریس بۆ یەکەمجار دەبێتە بابەتی شیعری لیریکیی. ئەم شیعرییەی شوێن دژی هەموو جۆرە شیعرییەتەکانی دیکەی خاکو زەوییە. ئەم بلیمەتییە ئەلیگۆرییە ڕوو وەردەگێڕێتە سەر شار، نەك نامۆبوونێکی قووڵ. ئەمە نیگای زەقی فلانورە کە شێوازی ژیانەکەی، بەرژەوەندییەکی خەیاڵیی لەپشتی نیگەرانبوون بۆ داهاتووی دانیشتووانی میترۆپۆلیسەکەمانەوە دەشارێتەوە. فلانور بەدوای پەناگایەك لەنێو قەرەباڵغییدا دەگەڕێت. قەرەباڵیی ئەو سەرپۆش و ماسکەیە کە بەهۆیەوە شارە ئاشناکە بۆ فلانور، دەبێتە فەنتاسماگۆریا و وێنەیەکی خەیاڵیی و وەهمیی. ئەم فەنتاسماگۆرییایە، کە تیایدا شارەکە دەردەکەوێت، ئێستا وەك دیمەنێك، وەك ژوورێك لە دواتردا دەبینرێت کە بووەتە هۆی دیکۆری بەشی کۆگاکان، ئەو شوێنەی فلانور لە پێناوی قازانجدا کاری تێدا دەکات. هەرچۆنێك بێت، بەشی کۆگاکان دوایین دەرکەوتەی فلانورێتیین"[25]. بنیامین لە شوێنێکی دیکەدا ئەم گەڕانە بەراورد دەکات بە "میرزا" یاخود قەڵەمفرۆشان، ئەوانەی دەنووسن تا لە بازاڕدا بەهایەك بۆ نووسینەکانیان پەیدا بکەن و لێرەشەوە پاساژەکان دەبنە پەرستگای سەرمایەی کاڵایی. هەر لەبەر ئەوەش، بنیامین پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە: "کاریگەریی کاروبارە

[25] Walter Benjamin, ibid, p.21.

بازرگانییەکان لەسەر لۆتەریامون و ئارسەر رامبۆ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی نزیك هەیە"[26].

بە پێچەوانەی ***لوویی فیلیپ***، واتا دەرکەوتە و بەرجەستەبوونی سەرەکیی تاکگەرایی بۆرژوازیی، بودلێر دەبێتە فیگورێکی بە گشتیی وێنەی هەڵگەڕاوەی دیالەکتیکیی لای بنیامین. کەرتبوونی شیعر و پەخشانی ئەو لەنێوان دوو بەشدا، کە وەك ***ئایدیاڵ*** و ***وەڕەسیی*** ئاماژەی بۆ دەکات، بودلێر دەست دەکات بە بانگکردنەوە و کۆکردنەوەی ئەو خەون و فەنتاسماگۆرییانەی لە شەقامەکانی شاری گەورە (میترۆپۆلیس)دا سەرگەردان دێن و دەچن، ئەمەش لەپێناوی شیکردنەوەی ئەو نامۆبوون و بەڕەمزیبوونەی بناغەکەیان پێکدەهێنێت. بودلێر ئەم شتانە ناودەنێت کاتیی یاخود زووتێپەڕ، وەك لە دوایین شیعری دیوانی ***"گوڵەکانی خراپە"*** بە ***"تازەیی"*** ناوی دەبات. و بنیامینیش ئەم ڕەهەندەی بودلێر وەك کاریگەرییەکی پرۆسە ئابوورییەکانی سەرمایەداریی دەخوێنێتەوە کە ئامانجەکەی بریتییە لە بەرهەمهێنانی زیادەبەها(surplus value).

ئەوەی ئایا بودلێر ئارەزووی فلانور بۆ ژنێکی زووتێپەڕ و خێرا لە شەقامەکاندا دەستنیشان دەکات، کە هەرگیز ناتوانێت ببێتە خاوەنی، یاخود ئەو گەشتە دەگرێتەبەر کە دواجار لە بازنەیەکی شەیتانیی حەز و خۆشیی هەمیشە ڕوولەسەر، دەبێتە هۆی مردنی، لەبەرانبەرا بێرەحمانە دەستدەکات بە دەستنیشانکردنی ئەوەی هەموو ئەمانە هەڵە و ساختەیەکن لەنێو چێژ و خۆشیی سەردەمی نوێدا بۆ شتی تازە یاخود تازەیەتیی(novelty). زۆر دوور لە تازەکردنەوە و نوێکردنەوەی جیهان، شتی ***نوێ*** بەشداریی لەو کاتێتیی و زووتێپەڕییەدا دەکات کە بودلێر وەك شتێکی دۆزەخیی لەقەڵەمی دەدات، واتا هەر ساتێك بەشێوەیەکی بنچینەیی دەیەوێت لە ساتی دواتر بچێت؛ سەرکەوتن تەنها بەڵێنێك بۆ گۆڕان بەدەستەوە دەدات، چونکە هەموو ساتێك ساتێکی بەتاڵە، خاڵی لە هەرمانایەك لە خۆیدا و بۆ خودی خۆی[27]. بنیامین لە شەرحی بودلێردا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئەم لێکچوون و دەرکەوتەیەی شتی تازە، هاوشێوەی وێنەدانەوەی یەکێك لە ئاوێنەدا، ڕەنگدانەوەی دەرکەوتە و شتی هەمیشە یەکسان و

---

[26] Ibid, p.37.

[27] Margaret Cohen, Benjamin's phantasmagoria: the Arcades Projects, in David Ferris, the Cambridge Companion to Walter Benjamin, Cambridge University Press, 2006, p.216.

کۆنە. بەرهەمی ئەم ڕەنگادنەوەیە بریتییە لە فەنتاسماگۆریا [وێنەی وەهمیی]ی 'مێژووی کولتووریی' کە تیایدا بۆرژوازیی چێژ لەوە وەردەگرێت وشیارییە ساختەکەی خۆی بەدیبهێنێت و پڕی بکات"[28]. بەڵام تەنانەت بودلێر، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ڕاشکاویی چەمکی پێشکەوتن لە سیحر دادەماڵێت، بەهۆی لوتبەرزیی و تەکەبووری خۆیەوە، تەسلیمی ئەم چەمکە دەبێت، وەك بنیامین بە شێوەیەکی بلیمەتانە ئاماژەی پێدەکات هاوشێوەی حەزی داندیزم بۆ مۆدێل، ئەمە دەرکەوتەی حەز و مەیلی بودلێرە بۆ هونەر. بودلێر، هاوشێوەی فلانورەکەی، لە هەڵبەز و دابەز دایە، جارێك خیانەت لە چینەکەی دەکات، وەك لەو شیعرەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، جارێك لوتبەرزانە دەڕوانێتە هونەرەکەی، کە خەسڵەتی بۆرژوازیی سەدەی نۆزدە بووە. بنیامین ئەم هەڵبەز و دابەزەی بودلێر دژی چینەکەی خۆی، واتا توێژی ڕۆشنبیران و چینی وردەبۆرژوازیی، وەك پرۆسەیەکی بەپرۆلیتاریزەبوون دەخوێنێتەوە. ئەم چینە دەرکەوتەی جەوهەرییانەی خۆی لەنێو **بۆهیمیا**ی بەرچاوی سەدەی نۆزدەدا دەبینێتەوە، ئەو توێژینەی لەنێوان چینی پرۆلیتاریا و بۆرژوازییدا دێت و دەچێت، هەمان ئەو چەمکەی بنیامین لە مارکسی قەرز دەکات و دەڵێت: لومپەن پرۆلیتاریا.[29]

---

[28] Walter Benjamin, the Arcades Projects, ob.cit, p.11.

[29] خوێنەر بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر سەرهەڵدانی بۆهیمیا، دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی تراڤێرسۆ بەناوی بۆهیمیا، نەفیکردن و شۆڕش: چەند تێبینییەك دەربارەی مارکس، بنیامین و ترۆتسکی، وەرگێڕانی: پێشڕەو محەمەد، ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام، سلێمانیی، 2017.

## دەرەنجام

لە ڕەوتی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمداوە شـــیکاریی بنیـامین بۆ بودلێر بخەمەڕوو، هەروەها باس لەوەش بکەم بودلێر چ شـــتێکە بۆ بنیامین و چ شـــتێك نییە. هەروەها باسـکردن لەوەی فلانور بۆ هەڕەشـــەی لەســەرە، ئەم هەڕەشـــەیە لەکوێوە دێت؟ مادام فلانور وەك دیاردەیەکی تازەی ناو گەورە شـــارەکان و مۆدێرنیتەی ســـەرمایەداریی، بەسـتراوەتەوە بە سـەرهەڵدانی بازاڕەوە، ئەوا بازاڕ هاوکات دەتوانێت هەڕەشـەیەکی گەورەش بێت لەسەری. لەلایەکی دیکەوە، هەڵبەز و دابەزی بودلێر لەنێوان بۆرژوازیی و پرۆلیتاریادا، پێگەکەی ناجێگیر دەکات. جارێك دەچێتە پاڵ هەموو ئەو شـۆڕشـانەوە کە دژی بۆرژوازیین، کەچی جارێکی دیکە، بەهۆی هونەرەکەیەوە، تووشـــی جۆرە لوتبەرزییەك دەبێت، کە خیانەت هەم لە چینەکەی و هەم لە ئەفکارە ســـیاســـییەکانی دەکات، ئەمەش وەك بنیامین ئاماژەی بۆ دەکات، لە پرۆسەی پرۆلیتاریزەبووندا، بودلێر دەخـاتە نـاو پێگەی بۆهیمیـا و لومپەن پرۆلیتـاریـاوە. لەلایەکی دیکەوە، بەپێچەوانەی زۆربەی تەفسـیرەکانی دیکەوە، بنیامین بە دانانی بودلێر وەك شـاعیری ئەلیگۆریسـت، لەبۆرژوازیبوون، واتا ســـیمبولیزم، ڕزگاری دەکات، بەڵام هێشـــتا بنیامین ناتوانێت بودلێر لە بۆهیمیبوون ڕزگاربکات. لێکدانەوە بۆ ســـەدەی نۆزدە، پاریس، میترۆپۆلیس، پاســـاژەکان و پەیوەندیی بودلێر بەم هەلومەرجە تازانەوە و تەفســـیرە بلیمەتانە و داهێنراوەکـانی بنیـامین، پێویســـتیـان بە لێکۆڵینەوەی دوور و درێژتر هەیە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بواری ئەوەم نەبوو بچمە ناو ســـەرجەمی وردەکارییەکانەوە. بەتایبەت پرســی ژنان و پەیوەندیی فلانور، فلانوریتیی و هتد، کە پۆسـتمۆدێرنیسـتەکان بنیامین تۆمەتبار دەکەن بەوەی فلانور تەنها پیاوە و شـــوێنی ژنی تێدا نابێتەوە، ئەم بابەتەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، کە لە دەرفەتی دیکەدا دەگەڕێمەوە سەری.